# ڕێگای گەل

کرێکارانی جیهان یەکگرن !

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست

دەورەی تازە ژمارە ٩ دوو شەممە ١٣٨١/٧/١ Sep,23th ,2002


## گوڵ لێرە دایە ، لێرە هەڵپەرە .

زۆرتر لە بیست و چوار ساڵ لە راپەرینە مەزنەکەی زۆربەی خەڵك ، بە واتای تایبەتی ووشە، خەڵکی کرێکار و زەحمەتێکش و بیٚ بە بشی ئیران ، بۆ گۆرینی کۆمەڵگای کۆن تیٚ دەپەری بیست و چوار ساڵ بەر لەمە خەڵکێك کە دژی زوڵم و ستەم و چەوسانەوە و سەرکوتی سیستەمی سەرمایەداری لە سەر ئەساسی پاشایەتی ئیران راپەرین ، پیّان وابوو و حەقیانیش بوو کە وا بیر بکەن کە گۆرانکارێکی میژووی و مەزن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیان رووی داوە. شکۆمەندیو بەربڵاوی ئەم راپەرینە تەنات سەرسوورٍ هێنەربوو بۆ خەڵکانی وڵاتانیتریش بەڵام اش چەند مانگێکی لە سەر کەوتنی راپەرین تاکو گۆرینی مەجلیس دامەزرینەران (مۆسسان) بە مەجلیسی خوبرەگان (هەڵبژێر دراوان ) ، ئەم راپەرینە هەموو لایەنە و خوینینە لە دەستی ساحیرکانی لە قەبر دەر هاتوو ، لە ناو چوو .. لە ئاکامی ئەم رووداووە ، ئەوەی کە لە ناو چوو ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسیە نە بوو کە لە وی کەمایەتێکی خاوەن سامان و ماڵ لە پشتەوەی شا ، ئەرتش ، پولیس ، ساواك ، زانایان ، ئەشرافیەکان ، سیاسەت زانان ، ئایەتوڵلاکان و ئەوانەی لە بارگا خزمەتیان دەکرد و خەڵی هەمیشە لە گورە پان ئامادەی تایبەت بە خۆیان (واتە دەستەکانی رێکخراوی نهێنی پیّك هاتوو لە خەڵك بوون) ، خەڵکیان چارە رەش کرد و زەوی رەش دەخست . بەڵکو ئەوەی کە لە ناو چوو و لە کار کەوت ئازادی و هیواکانی ناتەواوێك بوو کە لە مەودای ساڵەکانی دوور و درێژ و لە ئاکامی راپەرینەکان و یارمەتیەکانی یەك بە دوای یەکی کۆمەڵانی چەوساوەی خەڵك کە لە راپەرینی ریبەندانی ٥٧ بە شیۆەیکی گشتیتر رەنگی داوە ، بە دەست هاتە بوون . سیستەمی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگا ، بە جیّگای ئەوەی کە قازانجی چەوساوەکان ، زوڵم لیٚ کراوانی راپەریو ، واتە زۆربەی خەڵك بگۆریٚ ، دەسەڵاتی سیاسی تەنیا ب دواکەوتووترین پیّك هاتی خۆی واتە بە ئالای ئائین و بە شمشیٚری ئاگرین گەراوە تاکو سەر لە نویٚ زەمینە بۆ خاوەن سامانەکانی خۆی لە ناو خۆ و دەرەوە خۆش بکات . و بەم شیّوەیە هەموو دەسکەوتەکانی راپەرین بە خیّرایی بە دەم با چوو.بە لام روونە ئەم رودایە بە نیّرو نە چووە . خەڵکی ئیّران لەم سالە نە دا ئەزموونی زۆریان وەرگر تووە . ئەو ئەزموونانەی کە ئەگەر لە سەرەتای راپەرین هەیان بوایە چارە نووسی ئیستایان تووش نە بوو.

ئبستا پاش ئەم بیست و چوار سالە دەتوانین بە باشی تیٚ بگەین کە بزووتنەوەی شۆرشگیّرانەی خەڵك خەریکی خۆ ئامادە کردنە بۆ هەنگا و هەلگرتنیّکی جیددی بەرەو قۆناخی رووخاندن خەڵکی کریّکار و زەحمەتکیش کە هەموو شتیان لە دەست چوو بینیە، لەم سالەنەی ئەزموون و هەلە و ئەزموونە تیٚ گەیشتوون کە لە رابردوو دا دەبوایە وشیارتر هەنگاویان هەلبگرتە بایە . ئەوان دەبینن کە دەسەڵاتی خوایش کە لە لایەن مشتیّك دروزن و فتنە خور گەیشتە. سەر تەفتی دەسەڵات چوون وەك رێژیمی شا، بە هەمان دروشمی پیروزی ((ئائین )) خاوەن ملّکایەتی تایبەتی و ئاسایش و هیّمنی ، بیست و چوار سال بە سەر کوت، زیندان و کوشتاری و دوور خستنەوە و پیّشیل کردنی سەرە تائیترین ماف و ئازادیەکانی تاکە کەسی و کومەڵایەتی ، بە سەر ژیان و چارە نووسیان حوکم دەکات تاکو زەمینە بۆ بە دەسەڵات گەیشتن و بە هیّز بوون و ئاسایشی هەمان دەولّەمەندان و دەلالەلان و ئەوانەی کە پیدا ویستیەکان حەشار دەدەنەوە ، کە بە لەبر چاو گرتنی هەل و مەرجی رۆژ ئەم جارە بە جیّگای کروات (ریبات) ریشیان هیشتووە و بنکەکانی خوشگوزەرانی وسات و سەودایان بە شیّوەیّکی کاتی لە کافەکان و حەرمسەراکانی پیّشکەوتوو بۆ مزگەوتەکان و تەکیەکان راگویّزانە، بە تەواوی خۆش بکات.ئەوان هەروەها ئەزموونیان وەرگرت کە چوون نویّنەرانی چینی مام ناوەندی کە ((بارانیان دەیویست ، بەلام لافاو هات )) لە دەزگای بە ریّوە بەری ولات ئاوا دەرفە تیکیان رەخساند تاکو نویّنەرانی خوا لە سەر زەوی ، مروۋ فرۆشەکان ، وردە بورژواکانی لە کار کەوتوو و موفلیس، چەقۆکیشان و هەموو ئەو کەسانەی کە بە هۆی

←


**بەشی هەفتمی بەرێوە بردنی بڕیارەکانی سەدەی ناوەراست لەم سەدەیەدا :**

**لاپەرەی ٢ ، ٣ ، ٤**

**یادی فیدایی مەزن سیامەك ئەسەدیان**

**لاپەرەی ٥**

**لە بیّشکە تاکو قەبر لە شویّن زانست بڕو**

**لاپەرەی ٦**

**شەڕی نیّوان باڵەکانی دەسەڵاتدار و . . .**

**لاپەرەی ٧**

**ووشەی سیاسی**

**لاپەرەی ٩ ، ١٠**



کار ، خانوو ، ئازادی ، کۆماری فیدراتیوی شوورایی !

ئامرازی گوزەرانی ژیانیان توانای بسیجیان هەیە لە لایەن خاوەن دەسەلات و سامانەکان، ڕێك بەخەن، ئورگانەکانی جۆراوجۆر پێك بێنن و لە کۆتایی دا و لە کاتی پێویست بە سەر خودی ئەواندا شمشیر هەلکێشن و ئەوان بە باشی بینیان کە چوون مەلاکانی یەخە سپی و عەمامە بە سەرەکانی تازە ریفورم خواز و دیموکراتەکانی جۆراوجۆر، زاناکان و هونەرمەندانکان، کەسایەتیە سیاسیەکان، دەزگاکانی هەوالنبیری کە ڕێگای پاوانخوازی سەرمایەداریەکان پشتیوانی مالی دەکرێن، و وشەکانی وەك دووی جۆزەردان و بیست و نوی جۆزەردانیان کردە دوگم و روو داوێکی سەیر و جادویی، کە گوایە ڕێگای ڕزگاری خەلك لە ناو دەستەکانی ساحیرێك بە ناو خاتەمی شاردراوەتەوە ، بەلام زۆری پێ نە چوو کە ئەم سێحرانە لە بەرانبەر قسەکانی زیر لێوی و ساحیرانەی وەلی فەقیح وەك خەونێکلە ناو چوو و مافی دەنگدانەی گشتی ، مەجلیسی هەلبژێردراوی خەلك ، سەر بە خۆی سێ هێزی سەرەکی ، لە دەستی خاوەنەکانی زێر و دەسەلات ئامرازێکی یاری کردن زۆرتر نە بوون. ئەوان بە باشی بینیان کە سەرمایەداران ، بازرگانەکان و خاوەنەکانی سامان و مالی ئێران ئەگەر تاکو دوێنی لە پشتی سەری شا حوکمیان دەکرد ، ئەمرو کە لە پشتی سەری دەسەلاتی خوا لە سەر زەوی حوکم دەکەن . ئەوان هەروا بینیان کە چوون دەسەلاتی سەرمایەداری لە ولاتانی‌تر بەتایبەت ئورووپای رۆژهەلات یەکیەتی سۆفیەتی پێشوو بە هینانی بیکاری بو ملیونها کەس ، برسیەتی ، بی‌خانوویی و هەزاران دەردی بێ چاەسەری‌تر بووەتە هۆی چارەرشی خەلك ئەو ولاتانە و ئێستا دەبێ کۆمەلانی خەلکی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ قەرەبوونی هەلەکانیان تێ بکۆشن و قوربانی بدەن. ئێستا دەبێ بو قەربوونی هەلەکان ، دوژمنانی ئەسلی ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی ناسن. دەبێ ئاوا هەل و مەرج و پەیوەندی و ئیمکاناتێکی پێویست خولقاند کە سەرکەوتنی راپەرین و شۆرش تەزمین بکرێت تەنیا بەم مەرجە دایە کە شۆرش دەتوانێ لە تایبەتمەندی جیددی و گورانکارنەی خۆی بەهرەمەند بێت . ئیستا هیچ ڕێگایکی‌تر نیە جگە لەوەی کە بە هەلگرتنی هەنگاوەکانی جیددی بۆ شەرەکانی چارە نووس سازی داهاتوو خۆ ئامادە بکەین . مارکس لە هەلسنگاندی نیوان شۆرشەکانی بورژوایی (کە ئیستا کاتی ئەوان تێ پەر بووە)و شۆرشەکانی پرولەتری ، واتە ئەو شۆرشانەی کە لە داهاتوو روو دەدەن و چینی کرێکار و زۆرینەی بێ بەشانی کۆمەلگا بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی خەریکی دەبن ،دەلێ: شۆرشەکانی بورژوایی لە جۆری شۆرشەکانی سەدەی هەژدەهەم بە خێرایی لە سەر کەوتنیك بە سەر کەوتنیکی‌تر دەگات ، دیمەنە شکۆدارەکانی لە ئەوانەی تری زۆرترە کەسان و شتەکان، دەلی لە ژێر تیشکی ئەلماس ، شێوەیی راکێشانی رەنگدانەوەی روحی هەر رۆژە . بەلام ئەم حالەتە بە خێرایی تێ دەپەرێ. زوو دەگاتە لوتکەی خۆی کۆملگا پێش لەوەی کە بتوانی بە وشیاری تێ بگات لە دەسکەتەکانی دەورانی بۆران و هێرشی خۆی ، تووشی خەونێکی درێژ خایەن دەبێت بەلام شۆرشەکانی پرولەتری واتە شۆرشەکانی سەدەی نوزدەهەم بە پێچەوانە بەردەوام خەریکی رەخنەگرتن لە خۆیانن . بەردەوام جوولانی خۆیان رادەوەستینن گۆمان دەکرێ بە ئەوەی کە جێ بە جێ کرایە دەگرینەوە تاکو بۆ جاریکی‌تر دەستی پی بکەن ، تایبەتمەندی نیوە تەواو ولایەتەکانی لاوازی و بە هێز نە بوونی هەولەکانی سەرەتایی خۆی بە شێوەیکی بێ بە زەیانە دەباتە ژێر رەخنە . دەلێ دوژمنی خۆی بۆ ئەوەی لە زەوی دەدادت تاکو لە زەوی هێزی تازە وەر بگرێ و بۆ جارێکی‌تر بەلام بە هێزتر لە بەرانبەریان راوەستێ ، لە بەرانبەر دێوی خەیالێ ئامانجەکانی خۆی ئەوەندە پاشەکشە دەکات تاکو لە کۆتایی دا بارودۆخێك پێك دێت کە هەر جۆرە ڕێگایکی پاشەکشە لێان دادەخات و ژیان خۆی بە هاواری بەرز و سەرکەتووانەی رادەگەیێنێ :

**( گول لێرە دایە، لێرە هەلپەرە . )**

**(بەشی هەفتەمی بە ڕێوە بردنی بریارەکانی سەدەی ناوە راست لەم سەدەیە دا )**

## کۆماری ئیسلامی لە دە ساڵەی دووهەم دا

ڕێژیم توانی بە سەرکوتی ڕێکخراوە شۆرشگێرەکان و بنیاتەکانی دیموکراتیك و پیکهاتە سیاسیەکان لە جم و جۆلی ڕێکخراوەیی چینایەتی و کۆمەلایەتی خۆ پاڕێزێ و ڕێکخستنی سەر لە نویێ ئەوان بە دوا نجات ، و بە مەترسی کەمترێك بەرنامەی دووهەمی خۆی واتە چارەسەر کردنی دژایەتیەکانی ناو خۆیی و ڕێکخستنی ڕێژیم بە بوون و پشتیوانی خومەینی بە چەشنەی خوارەوە بەرێوە برد .

### دەس نیشان کردنی جێگر بۆ خومەینی و ڕێکخستنی ئورگانەکانی سەرەکی :

ڕێژیم لە بەرانبەر مردنی خومەینی بە هێزترین کەسایەتی کۆماری ئیسلامی روبەرو بوو.دەس نیشان کردنی ڕێبەر بۆ ڕێژیم شتێکی زۆر گرینگ دەژمێر درا ، سەر کردەکانی حکومەت کوبوونەکانی نهێنی و یەك بە دوای یەکیان بەرێو برد ، هاتو و چو لە نێوان قوم و تاران دەکرا. بالی دەسەلات دار توانی لە ئاوازەکانی مەزهەبی و بنیاتەکانی بە هێز و بە دەسەلات وەك شوورای پاراستن (نیگابان) ، ئەنجوومەنی هەلبژیر دراوان (مەجلیسی خوبرەگان ) ، پیاوانی ئائینی پلە بەرز و مەکتەبەکانی زانستی ئائینی و... پاەی ڕێبەری مەزهەبی و سەرەوەی سێ گوشەی دەسەلات بە دەستەوە بگرن . لە ڕێگای شوورای هەلبژێر دراوان (مەجلیسی خوبرەکان ) ، خامنەیی وەك جێ نشینی خومەینی ناساند.

لە پیك هاتنەکانی پشتی پەردە ، هاشمی رفسنجانی دەزگای بە ڕێوە بەری و سیاسەتی دەرەوەی بە دەستەوە گرت و ڕێکخستن و ڕێك کردنی دەزگای بە ڕێوە بەری و وت و وێژ لە گەل سندووقی نیو نەتەوەیی دراو و بانکی جیهانی پێ ئەسپەردرا . هاشمی بو بە دەستە وەر گرتنی پلەی سەروك کۆماری

لە لایەن باڵەکان کاندید بوو و توانی پلەی سەروك کۆماری بە دەست بێنێ . ختەی ئیمامیەکان دەسەڵاتی خۆیان لە ڕێبەری ڕژێم پاش مردنی خومەینی لە دەس داو بلاوە بوونیان بە دوای لابردنی پلەی سەروك وەزیران خێراتر بوو ، و وەك مورەکانی هاشمی ڕەفسنجانی لە ناکۆکیە ناو خۆئیەکان ڕۆلّیان بینی ، توانیان بچنە ناو مەجلیس و بەرێوەبەری وە و بە دەس بگرن و پلانەکانی هاشمی بگەیننە پەسەندی مەجلیس . هاشمی بۆ جێ بە جێ کردنی سیاسەتەکانی هندێك لە باڵی ختەی ئیمامیەکان بردە ناو کابینەی خۆی . هاشمی ڕەفسنجانی بە سەردانی دروشمی ئاوەدان کردنەوە و کۆ کردنی هێزی بە ڕێوە بەری لە ڕێگای بنیاتی سەروك کۆماری لە دەستی خۆیدا ڕێبەری چارە سەری گرفتەکانی ئابووری و سیاسی بە دەستەوە گرت . بە قبول کردنی سیاسەتەکانی ئابووری سندووقی نێو نەتەوەیی دراو پێشنیارە ئابوورییەکانی دە گەیاندە پەسەندی مەجلیس ، گرفتی شووڕای پاراستنی (نیگابان) چارە و سەر و ڕادیو و تەلەفزیونی سپاردە دەستی برای خۆی .

هاشمی سیاسەتەکانی ڕژێمی بە شێوەی خوارەوە دارشت و بەرێوە برد.

ئەلف_ سیاسەتی دەرەوە و وەرگرتنی قەرز لە سەر چاوەکانی دراوی جیهانی

ب _ ڕێکخستن و پرۆگرامی بەرێوە بەری هێزی بە ڕێوە بەر.

پ _ بەرگری لە ڕاپەرینەکانی کۆمەلاّیتی ، لە ناو بردن و تیروری بەرهەلّستکاران لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات.

### ئەلف_ سیاسەتی دەرەوە و وەرگرتنی قەرز لە سەر چاوەکانی دراوی جیهانی .

پێشنیاری هاشمی و سیاسەتی دەرەوە لە سەر ئەساسی بەشداری هاوبەش و لە ناو بردنی ناکۆکیەکان و سیاسەتی درگاکانی کراوە بوو و خوازیاری پەرەسەندنی پەیوەندیەکانی ئابووری و دیپلوماتیك لە گەل وڵاتانی پیشەیی ڕۆژ ئاوا بوو ، بۆ چارە سەری گرفتەکانی سیاسی لە پەیوەندیەکانی نێو نەتەوەیی دەبێ ڕێگایێکی درێژ بچێن . دەبێ بابەتی ناردنی شۆڕش و هەڵویستی دژی ئەمریکا بگۆرێ و سیاسەتی ڕوون و بە کردەوە بدەین و بەرێوە ببەین . یەکەم هەنگاوی بە کردەوە وت وویژەکانی نهێنی بۆ چارە سەری کوسپ و گرفتەکان لە سەر ڕێگای ئاساسی کردنی پەیوەندیەکان لە گەڵ دوونیای ڕۆژ ئاوا بوو. و دووهەمین بابەتی گرینگ ڕەوتی ئاسایی کردنی پەیوەندیەکان لە گەڵ وڵاتانی سەر بە ئەمریکا بە تایبەت عربستانی سعودی و کوێت و پاشا کشە لە دروشمی ناردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ ئەم وڵاتانە و هاوکاری لە گەڵ ئەندامی ئوپیك بوو. بە لە بەر چاوگرتنی ئایدولۆژی

و ناکۆکیەکانی ناو خۆی ، ڕژێم لو گەڵ گرفتەکانی زۆر ڕوبە ڕو بۆیە سیاسەتەکانی ناردنی شۆرش و مافی مرۆڤی ڕژێمی گرتە بوو.

### ١_ مافی مرۆڤ

یەکێك لە ئالۆزترین بابەتەکانی ڕژێم لە داهاتوو مافی مرۆڤ بووە و لە ئیستا و داهاتوویش دا هەیە و ناتوانی چارە سەری بکات. ڕژێمێك کە نەتوانیوە ڕێگای دەر چونێك بۆ خۆی بدوزیتەوە و لە سیاسەتی ناو خۆیی شێوەی هێرش و لە سیاسەتی دەرەوە شێوەی دیفاعی پیشەی خۆی کردووە ، لە بەرانبەر وڵاتانی ڕۆژ ئاوا تووشی لاوازی بووە و بە نزیك بوون بە جیهانی ڕۆژ ئاوا بێ گەی کۆمەلاّیەتی خۆی لە ناو خۆی دا سست دەکات، ڕژێمێك کە نتوانیوە تەنانەت هەڵویستەکانی جیهانی ڕۆژ ئاوا بە باشی بناسێ ، لە سەر ئەم ئەساسە خەریکی وت و وێژی نهێنی یە لە گەڵ دەسەڵاتدارانی ڕۆژ ئاوا و بێ دەسەلات لە چارە سەری ئەم بابەتە تەنانەت تێ گەیشتنێکی بە نیسبەت تاریفی دەسەڵاتدارانی ڕۆژ ئاوا لە باری پیروز بوونی سەرمایە و خاوەن ملکایەتی تاکەکەسی نیە و زەمینەکانی سەرمایە دانانی دەرەوەی پێك نە هێناوە. لە گەڵ ئاشکرا بوونی جنایەتەکانی وەحشیانە و سەدەی ناوە ڕاستی لە زیندانەکانی ڕژێم بێ زاری گشتی لە ڕژێم و لایەنگرانی ئەو بیرو بۆچوونی گشتی جیهانی ڕۆژ ئاوا و بنیاتەکانی جیهانی مافی مرۆڤ هەڵویستیان وەرگرت و دەولەتانی سەرمایەداری ڕۆژ ئاوا کەوتنە گوشار و لە ڕژێم دوور کەوتن ، دەولەتانی ڕۆژ ئاوا بە بیستنی بەلێنەکانی هەلّبژاردنی هاشمی ڕەفسنجانی ئەویان بە لیبرال ناو برد و بۆ بە لاری بردنی بۆ چوونی گشتی جیهانی ڕۆژ ئاوا پروپا گەندێکی بەر بلاویان بە قازانجی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی دابین کردنی قازانجەکانی مافیای مالی ڕۆژئاوا بەرێ خست. بێ خیاڵ لەوەی کە کارەساتی مرۆڤایەتی لە کۆماری ئیسلامی زۆر گەورە بووە و هەر چەشنە ڕیککەوتنێکی پیشی پەردەی لە گەل شکست ڕوبەرو دەکات ، هەروەها چارەسەری هەندێك لە ناکۆکیەکانی بە ڕواڵەت بە مەرجی چارەسەری قەیرانەکان و دژایەتیەکان ناوخۆ ئیە . وەك بابەتی سەلمان ڕوشدی و کتێبی ئایات شەیتانی ئەو کە ڕژێمی لە دژایەتی کردنی بۆچوون و ئازادی بڵاوکراوە چەك کردووە و هەر سیاسەتێکی لەم بوارە دا لە گەل شکست ڕوبەرو دەکات . ڕژێم بە مەجبووری فەرمانی تیروری سەلمان ڕوشدی لە فەرمانی تیروری دەولّەتی لابرد و فەرمانی کوشتنی وەك فتوای ئائینی ڕاگەیاند و لە سیاسەتی دەرەوەی وەلانا . بەلاّم بە توندی بەردەوام بوو لە بابەتی دژایەتی و سەر کوتی بۆچوون و بلاوکراوەکان و ئازادی . بە ئاشکرا بوونی تیرور لە ماجرای دادگای میکونوس بۆ جارێکی تر دەولەتانی ڕۆژئاوا کەوتنە گوشار و هاشمی لیبرالیان لە دادگا مەحاکیمە و مەحکوم کرد و سەر کردەکانی ڕژێمی بە تیرووریست ناسی و پروپاگەندی دوور لە ڕاستی چاك بوونەوەی وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێران لە گەڵ شکست ڕوبەرو بوو.

### ٢_ ناردنی شۆڕشی ئیسلامی

ڕژێم بە بوونی قەیرانەکانی ماڵی و کۆمەلاّیەتی مەجبوور بە هەڵگاندی سەر لە نوێ لە سیاسەتی ناردنی شۆڕشی ئیسلامی کرا .و پەیوەندیەکانی ئاشکرای لە گەل هندێك لە وڵاتانی ئیسلامی قەراخ کەنداوی فارس و وڵاتانی ئەندامی ئوپیك پەرە پێدا

و راگەیاندنی ئاشکرای دژی دەوڵاتانی ناوبراو کەم کردەوە و لە دەزگا راگەینەرە گشتیەکانی بە تەواوی وەلایان نا.رێژیم هەروەها راگەیاندنەکانی ئاشکرای رەسمی خۆی دژی وەلاتانی‌تر وەلانا و خوازیاری باش بوونی پەیوەندەیەکان و چارە سەری ناکۆکیەکان بوو. رێژیم لە گەڵ راگەیاندنی سیاسەتی لابردنی ناکۆکیەکان لە نێوان دەوڵەتان جگە لە ئیسرائیل خەریکی رێکخستنی هێزەکانی نهێنی لە ولاتانی‌تر بە تایبەت ولاتانی ئیسلامی بوو و یارمەتی ماڵی ،نیزامی و راگەیاندنی بە رێکخراو و ئەحزابی ئیسلامی پەرەی پێ دا. تەنانەت بە شیوەیکی ئاشکرا و راستەوخۆ و بە هێزی نیزامی لە هندێك کیشەکانی ناوخۆیی وڵاتانی‌تر بەشداری کرد.

## ب _ رێکخستن و بەرنامەی بە رێوەبەری هێزی بە رێوەبەر .

بە رێوەبەری ئابووری بە سەر وڵات یەك دەست نەبوو و تووشی ئاڵۆزی بوو. بە شێکی گرینگ لە پیشەکان و دامەزراوەکانی بەرهەم هێنان و خزمەتگوزارای لە ژیر کونترلی ئاستانی قودسی رەزەوی و بنیاتەکانی جۆرا و جۆر بە تایبەت بنیانی موستەزعەفان و جانبازان (بنیاتی بێ بەشان و کەم ئەندامان) ژێر رەکیفی وەلایەتی فەقیح ولە ژێرکونترۆڵی بەرنامە دانانی هێزی بە رێوەبەری نە بوو.بە رێوبەرانی ئەوان راستە و خۆ لە لایەن وەلایەتی فەقیح دیاری دەکرین و لە ژێر کونترۆلی خەتی وەلایەتیەکان و بورژوازی کۆنی بازارن. بە مەبەستی پەروەردە کردنی بە رێوبەران لەم بەشەدا بە شیوەیکی گشتی لە رێگای زانکۆی ئیمام سادق و ئەلزهرا و زانکۆی ئازادی ئیسلامی ئیش دەکرا و هێزی بە رێوەبەر لە بە رێوە بردنی هیچ جۆرە رۆلیکی نیەو زۆرتر لە سەدی پەنجای ئامرازەکانی ئابووریی لە دەست دایە. هاشمی لە گەڵ بە دەستەوە گرتنی هێزی بە رێوەبەر کۆنترۆلی بانکی مەرکەزی ،رێکخراوی بەرنامە و بوجە و وزارەتخانەکانی ئابووری و وزارەتی ناوخۆ، بەرنامەکانی جێ بە جێ کرد. سەرەتا بە کۆ کردن و بە هێز کردنی بەرێوەبەرابەتی و جێبەجێ کردنی بەرێوەبەرانی جێگای باوەری لە سەروەی ئەوان دامەزراند ، و بە کار بردنی دەسەلات برای خۆی لە سەرەوی صدا و سیما (رادیو و تەلەفزیەن)دامەزراند ولە رێگای دەزگای راگەینەری گشتی سیاسەتەکانی هێزی بەرێوەربەری تەبلیغ کرد. پلان و پیشنیارەکانی بە پەسەندی مەجلیس گەیاند ، بە پەسەند کردنی بریارنامەکان هێز و دەسەلاتی زۆرتری دایە بەرێوەبەران ، و پێکهاتە ئیداریەکانی یەك دەست و ئەنجوومەنە ئیسلامیەکانی لە دەستی وەردان لە بەرێوە بە رابەتی بنیاتەکانی دەوڵەتی وەلانا. لە گەڵ کونترۆل کردنی وزارەتی ناوخۆ ، ئەمنیەتی بەیوەبەرانی ناوچەکانی بە ئەستو گرت و دەسەلاتی بنیاتەکانی هاوجۆری لە بەرێوە بردنی ناوچەکان کەم کرد و ئیمامانی جومعەی لاواز و دەسەلاتی پارێزگاران و مودیرەکانی ناوچەی بۆ پاراستنی ئەمنیەت زیاد کرد. دەسەلاتی شارەوانانی لە بەرێوە بردنی شارەکان زیاد کرد و دەسەلات و هێزی تایبەتی دایە شارەوانی تاران و لە کۆبوونەوەکانی کابینەی دەوڵەت بەشداری کرد .هاشمی رەفسنجانی لە مەودای سەروك کۆماری خۆی بە قبوول کردن و جێ بە جێ کردنی بەرنامەکانی سندووقی نێو نەتەوەیی دراو و بانکی جیهانی توانی لە دوو دەزگای ماڵی جیهانی قەرز وەر بگرێ و هەروەها توانی لە بانکە گەورەکانی ئورووپایی قەرز بە نوودی دراوی زۆر وەربگرێ ، و پەیوەندی خۆی لە گەڵ بنیاکانی ماڵی جیهانی دامەزرێنێ ، و زەمینەی پەیوەندی لە گەڵ وڵاتانی رۆژئاوا خۆش بکات ، و بە جێ بە جێ کردنی بەرنامەکانی سندووقی نێو نەتەوەیی دراو و بانکی جیهانی بایەخی دراوی میلیی لە بەرانبەر دراوەکانی جێگای متمانەی جیهان دابەزێنێ و بایەخی کاری دابەزاند و توانی قەرزە نێو دەوڵەتیەکان وەر بگرێ. بە قبوول کردنی رێککەوتننامەکانی نەوتی بای بلك (Buy_Back) دەستی دایە وت و وێژی نهێنی لە گەڵ کومپانیاکانی نەوتی پاوانخواز و رێککەوتننامەکانی ئیمزا کرد . بە دوای سەرکوت دا گەش و هەروای تیروری سیاسی ی خولڵقاند و مافیای ماڵی نوێ ی لە رێگای رانتەکانی ئابووری و وەرگرتنی پورسانتەکانی (سهوودەکانی) زۆر دامەزراند و هێزی بەرێوەبەریی کردە بنیاتی مافیای ماڵی .

((بەشی هەشتم لە ژمارەی داهاتوو))

****************************************



**برا و خوشکانی کرێکار ، کۆمەلانی زەحمەتکێش ، لاوان ، دانشجوویان و ژنانی زەحمەتکێش !**

**ئێمە کۆمۆنیستەکانی بزووتنەوەی فیدایی ، بزووتنەوەیێك کە زۆرتر لە ٣٠ ساڵە لە رێگای دامەزراندنی دیموکراسی ، ئازادی و یەکسانی شەرمان کردووە و گیانمان لە سەر دەستمان داناوین . بەشێکین لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری ئیران و رەوتەکانی ناوخۆی کۆمەڵگا .**

**لەو کاتەی کە سەرمایەداری هەل و مەرجێك پێك هێناوە کە تەنانەت دەرفەتی بیر کردنەوە لێمان بستێنێ ، خەباتمان بەرەو پێش دەبەین و لە رەوتی چالاکی بە کردەوەمان هیچ کات ترس و دڵە راوکامان نەبووە ، لە رووداوی هەڵە توانیمانە بە رەخنە گرتن لە هەڵەکانی رابردوو و پاش هەر زەبرێکی پولیسی و دەزگای سەرکوتی سەرمایەداری دەست بدەینە نۆژن کردن و چاککردنەوەی رێکخراو و بەشەکانی . بۆ ئەم مەبەستەیش سێ ئەسڵی سەرەکی لە بەر چاو گرتووین . ئەزموون وەرگرتن لە مێژوو ، راستیەکانی عەینی کۆمەڵگا و رەوتی خەباتی چینایەتی . بۆ وەدی هێنانی ئازادی و یەکسانی و دیموکراسی و بنیاتنانی کۆمەڵگایێکی بە دوور لە چەوسانەوە ، وەرە ناو ریزەکانی رێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست .**

# بەرز و بەرێز بێت یادی



رفیق سیامک اسدیان ( اسکندر )

## فیدایی مەزن هاوڕێ ئەسکندەر

## ( سیامەك ئەسەدیان )

لە ١٣ى رەزبەری ساڵی ١٣٦٠ى هەتاوی ، هاوڕێ ئەسکندەر ئەندامی کومیتەی ناوەندی و یەکێك لە مەزنترین کەسایەتیەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران دوای ساڵەها خەبات لە دژوارترین هەل و مەرجەکان و بە ئیرادەیکی پتەو و پولائین ، بە هۆی شەرێکی قارمانانە لە باکووری ئێران گیانی لە دەست دا. و بە شەهید بوونی ، ریکخراوی ئێمە یەکێك لە جیددی ترین و بە ئیرادەترین ریبەرانی خۆی لە دەست دا .

هاوڕێ ئەسکندەر ، سیمای خۆشەویست و ئازیزی رێکخراوی ئێمە ، پاش جیابوونەوە و خیانەتی ئەکسەریەتیەکان ( زۆرینەکان ) یەکەم بەرپرسی کومیتەی کوردستانی رێکخراو بوو و یاد و ناوی بۆ ئێمە لە تێکۆشانی پڕ لە وڕەی بە مەبەستی نوژەن کردنی تە شکیلاتی کوردستان پاش پاشەکشەی خیانەتکارانەی ئەکسەریەتیەکان ، رێکخستنی چالاکی چەکدارانەی بەرگری پڕ لە شانازی وەك دارساوێن دژی کۆماری ئیسلامی و کاریگەری بەردەوامی تاکو ئەمڕۆ لە سەر چالاکیەکانمان بە جێ هیشتووە .

یادی بەرێز و رێگای پڕ لە ریبوار

*********************   *******************

چەکۆچە خوێنی من لە دەستی کرێکار

داسە خوێنی من لە دەستی جووتیار

### لیستەی شەهیدانی رێکخراو لە مانگی رەزبەر

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | جەعفەر دەلیر |
| پەنگیز قوبادی | ژیلا ساب | حەمید سەفەری | خێروللا حەسەن وەند |
| حەمەد عەلی سالمی | پەروێن فاتیمی | فەریبا شەریفی | مەهدی خانزادە |
| سەعید نەوزادی | ئیسماعیل سەید شەهری | ئیبراهیم شەریفی | عەلی محەمەد نەژاد |
| پەسەن حامدی موقەدەم | مستەفا رەسولی | عەلی حەسەن پوور | مەریەم تەوەسولی |
| بولامرەزا موعەزی | مهرنوش ئیبراهیمی | محەمەد کەس نزانی | فاتیمە رووشەن چی |
| حوسین عەلیزادە | مەنوچهر بەهایی پوور | غولام حوسێن زەینی وەند نەژاد | عزەتوللا موعەلم |
| وحمەت شەریفی | سەعید ئەحمەدی لاری | پەروێز عەندەلیبیان | سەید رەبیع حوسینی |
| پەسەن جەلال نائینی | کەرامەت قوبادی | همایون کەتیرائی | رەمەزان قوربانی |
| لوقمان مەدداین | زاهید سەجادی | هوشەنگ تەرگوڵ | عەلی رەزا موعەزی |
| پەهاشا سەمیعی ئیسفەهانی | سیامەك ئەسەدیان | ناسر کەریمی | عەبدوللا یەزدانی |
| حەمەد رەزا فەرشاب | مەسعوود بەربەری | بەهرام تاهیر زادە | شەهسەوار شەفیعی |

# لە بێشکە تاکو قەبر دا لە شوێن زانست دا برۆ

ئێران لە ریزی ئەو ولاتانە دایە کە مافی منداڵان لە وێدا بە شیوەێکی بەربلاو پێشیل دەکرێ و کارنامەی رێژیمی ئیسلامی دەسەڵاتدار لەم زەمینەیەدا زۆر رەش و قورسە .رێکخراو و بنیاتەکانی ناوچەیی و نیونەتەوەیی مافی منداڵان لەم بوارە دا بەڵگەی زۆریان لە دەست دایە .چەوسانەوەی منداڵان لە ئاشکراترین شیوەی ئەو لە هەمان سەرەتای دامەزرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٨ (١٩٧٩ زائینی )دەستی پێ کرد وهەروەها درێژەی هەیە .

نمونەی زۆر روونی ئەو کەڵك وەرگرتن لە کاری منداڵانە ، رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیران لە چەوساندنەوەی منداڵانیش قازانجی مادی وەردەگرێ.سەرنج دان بە بابەتی منداڵان یەکێکە لە گرفتەکانی دلتەزینی کۆمەڵگی ئێران. سیستەمێك کە لەوێ دا منداڵان دەبێ بە پاڵپشتی بارودۆخی ئابووری بنەمالەکانیان رۆژگار تێپەر بکەن و دەسەڵاتیش خۆی لە بەرانبەر گرفتی منداڵان بەرپرس نازانێ، بە لە بەر چاوگرتنی ئەمەێ کە لە ئیران دا سەدان هەزار مندالی سەر شەقامەکان بوونیان هەیە ،ملیونەها کەس لە منداڵان بە هۆی هەژاری و نەداری لە خۆیندن بێ بەش و لە هەژاری و بێ بەشی تەواو دا دەژین ، رێگاێکی تریان نیە جگە لەوەی کە بۆ زیندوو مانەوە مل کەچی کۆیلایەتی بن و کاری تاقەت پرۆکێن بکەن. ئەمرۆکە کاری منداڵان لە کۆمەڵگای ئیراندا، کۆمەڵگایێك کە زۆرتر لە ٨٠ لە سەدی لە ژێر هێڵی هەژاری ژیان بە سەر دەبەن شتێکی سروشتی دەژمێردرێ. ئەم گوڵە لاوانە هێشتا نە کراو نەتەوە کە بە هۆی زەختەکانی دەرونی و جیسمی و دڵەراوکەکانیتر پەرە پەرە دەبەن. گرێنگترین هۆکاری کار کردنی منداڵان پەرەسەندنی هەژاری و نابەرابەری لە کۆمەڵگا دایە. منداڵێك کە پێش لە خوێندن و فێر بوون خەریکی کار دەبێ ناتوانی ببوژێتەوە و هێزی خولقینەری شاراوەی خۆی نیشان بدات لە حالێکدا ئەگەر لە لانی کەمی ئاسوودەی بەهرمەند بێت خوینەەواری ببایە ئاوا شتێك رووی نە ئەدا.

بە پێ سەر ژمێریەکانی رێکخراوی جیهانی کار لە ساڵی ١٩٩٥ی زائینی، نزیك بە ٤/٧١ لە سەدی منداڵان تەمەن ١٠ تا ١٤ ساڵانی ئێرانی خەریکی کارن ئەمە لە حالێکدایە کە رێژیمی ئیسلامی لانی کەمی تەمەنی کار کردن لە ئێران ١٥ ساڵ بە رەسمی ناسیوە. بە پێ سەر ژمێری ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی ، زۆرتر لە ٤ لە سەدی حەشیمەتی خەریکی کاری ولاتە، گروپی تەمەن ١٠ تا ١٤ ساڵان پێك دێنێ ، بە پێ ئەم سەر ژمێریە هەموو حەشیمەتی خەریکی کاری وڵات،١٤/٥میلون کەسە و ٤ لە سەدی ئەویان نزیك بە ٦٠٠ هەزار کەس منداڵانی تەمەن ١٠ تا١٤ ساڵی خەریکی کار دەبێ . هەڵبەت ناوێك لە منداڵانی تەمەن ١٠ ساڵان بە خوارەوە کە لە ئێران دا خەریکی کار کردنن لەم سەر ژمێریە نە هاتووە. لە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی ٥٠٣ هەزار کەس و لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی ٤١٠هەزار کەس لە منداڵانی کەمتر لە ١٥ ساڵ بە شێك لە حەشیمەتی خەریکی کاری وڵات ژمێر دراون کە بەشێکی گرێنگ لە وان لە هەل و مەرجی باشی کار، ژیان و خوێندن بێ بەش بوون. بە پێ راپورتێکیتر لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی نزیك بە یەك ملیون و هەشت سەد هەزار منداڵی تەمەن ١٠ تا١٨ ساڵ لە بەشەکانی پیشەیی، وردە فرۆشی، چاککردنەوە، گواستنەوە و ماسی گرتن خەریکی کار بوون. لە لایێکی ترەوە لەو ساڵە دا ٣ ملیون و ١٥٠هەزار قۆتابی پاش تەواو کردنی قۆناخی خوێندنی ناوەندی نەیانتوانیوە بچنە قۆناخی ئامادەیی و بەرەو بازارەکانی کاری رەسمی و نیوە رەسمی لە شار و لادیەکان راکێشراون.بە پێ ئەم سەر ژمێریە ، نیوەی ئەم کەسانە کە وازیان لە خوێندن هێناوە بریتین لە کچان، بۆیە هەتا ئەگەر ئەم ووتەی بەر پرسانەی رەسمی رێژیمیش کە تێ دەکوشن لانی کەمێك لە راستیەکان رابگەێنن تاکو رێژیمەکەیان بێ بەلا بێت و هەروەها نە کەونە بەر رق و بێزاری



بەرپرسانی سەرەوەیان، بکەین بە ئەساسی هەڵسنگاندنمان، دیمە نێك لە بارو دۆخی کار و ژیانی دڵتەزینی منداڵان لە پیش چاومان ئاشکرا دەبێت. کۆمەڵگایێك کە زۆرتر لە ٨٠ لە سەدی ئەو بە دڵەراوکە، مەترسی و بێ ئاسوویی ژیان بە سەر دەبەن، کومەڵگایێك کە لەوەێ دا نیوەنجی تەمەنی ((لەش فرۆشی)) و ((راوەستانی دڵ)) گەیشتووەتە ٢٠ ساڵ! ئایا ئەم کارە ساتێکی دڵتەزینی مرۆڤایەتی زۆرتر نیە!؟ کاری منداڵان پەیوەندیی هەیە بە ئابووری رەسمی کە لەوەێ دا بە شیوەی نای اسایی منداڵان دەچەوسیننەوە و سەرجەم خەرێکی کارەکانی سەخت و پر لە مەترسین، وەك کار لە کارگەکانی چاککردنەوەی ئوتومبیل، کارخانەکان، پیشە دەستیەکان، کارگەکانی ماشینی و پیشەیی و کارگەکانی قاڵی چنین کە بە لە بەر چاوگرتنی یاسای نیونەتەوەیی کار کە بە پێ ئەو دا هیچ کەسێك کە تەمەنی خوارەوەی ١٥ ساڵ بێت نابێ بە رەسمی کار بکات، کار کردنی منداڵان لەم بوارە دا بۆ خاوەن کار تاوان دەژمێر دری. ئەمە لە هەل و مەرجێك دایە کە خاوەن کارەکان دەڵێن: هەرچی تەمەنی کرێکاران کەمتر بێت باشترە چوونکە حەق دەس و مافی کرێکارانی ئاسایی بە ئەوان نادرێت. بە پێ راپورتە جۆرا و جۆرەکان، تەمەنی منداڵانی قاڵی چن، کە یەکێك لە کارە باوەکانی منداڵانە، ٧ تا ١٥ ساڵە کە هەر رۆژ ١٢ کاتژمێرلە هەل و مەرجی زۆر خراپ کار دەکەن. لە ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی، کچێکی تەمەن ٩ ساڵان وەك کچی قاڵی چینی باشی وڵات ناسرا، لە ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی کچێکی تەمەن ١٢ ساڵان لە وەرامین لە ماوەی ٨ مانگ قالێکی ١٧ مەتری چنی. هەروەها لە ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی منداڵێکی تە مەن ٥

←

سالەی خەڵکی لورستان وەک وەستای قالّی چنینی ئەم شارە ناسرا. یەکێك لەو بابەتانەی کە هەستی مرۆڤ بە نیسبەت کاری منداڵان بریندار دەکات، دەس درێژی جینسی لە وانە دایە کە زۆرتر لە کارەکانی شەوانە و ئەو شوێنانەی کاری بە کۆمەڵ ێ دەکری، روو دەدات. لە ئاوا هەل و مەرجێکی دڵتەزین بۆ منداڵان کە هەمووی دەگەریتەوە هۆی هەژاری و بێ بەشی، دەبێ سەد جار لە سەر کردەکانی رێژیم و بە تایبەت بە سیاسەتی لابردنی هەژاری و نەداری ئەنجوومەنی وەزیرانی ((ریفورم خواز))ی خاتەمی ئافەرین بلێن کە چوون لە بیری هەژاران خەون بە سەر چاویان ناچێت و ویژدانیان ئاسوودە نابێ و بە دارشتنی پلانەکانی ((ئەساسی)) خەیاڵی هەژاران ئاسوودە دەکەن!؟ گرێنگتر لە هەموویان، خاتەمی ئەوەندە دەست و دڵی ئاوالایە کە لە بوودجەی بنیاتی سەروك کۆماری لە بوودجەی ساڵی١٣٨٠ی هەتاوی ٨٠٠ ملیون تمەن بۆ دروست کردنی خانووی ئیمامانی جومعەی سەرانسەری وڵات تەرخان دەکات، بەڵام بۆ کەسانێك کە پێویستیان بە نانی شەوە هەیە، تەنیا وەعد و بە لێنی سەر خەرمان بە دیاری بۆ دێنی. مەگەر لەم ٢٤ ساڵەی رابردوو دا ئیمامانی جومعە لە کوێ دەژیان ؟ ئوتومبیلی دژی گولەیان پێ نە بووە ؟ بادیی گاردیان نە بووە؟ خانووی ویلاییان نە بووە؟ و یان ئەمیش پروپاگەندی بە وتەی ئەوان کەسانی دژی شۆرشە؟ ئیمامانی جومعەی چارەرەش!! لە خێمە دا ژیان بە سەر دەبەن و ئەوەندەی نانی وشکیان خواردووە کە ددانیان نەماوە! ئەوەندەی برسی بوون کە مەعیدەیان بریندار بووە ! و زکیان لکاوەتە پشتیان! هەموو کەسێك دەزانێ کە ئیران ولاتێکی دەوڵەمەند و لە وێدا ئەوەندە ئیمکانات و سەر چاوەی ژێر زەوی و سامان هەیە کە پەروەردە و فێر کردن و تەندروستی و دەرمان بە خۆرایی بێت. هەموو کەس خاوەن خانوو بێت و کەسێك بە برسیەتی شەو نەخەوێ. ئێستا بۆ خەڵکی ئیران کەوتوتە ئەم رۆژە رەشە دا، دەبێ سیستەمی دەسەڵاتدار تاوانبار بناسین . سیستەمێك کە، کەمترین بونیکی لە ((ئازادی)) و ((عەدالەت)) نەبردووە.

## شەری نێوان باڵەکانی دەسەڵاتدار و فریودانەوە و بە لاری بردنی بۆچوونی گشتی

بە کۆتایی هاتنی شەری دژی خەڵکی و نارەوای کە رێژیم وەک ئامرازێك بۆ زاڵ بوون و داپۆشینی قەیرانەکانی سیاسی ، کۆمەلایەتی و ئلبووری ، کەلکی لێ وەر دەگرت . لە تری بەرز بوونەوەی نارەزایەتی گشتی و لە گەڵ دارشتنی بەرنامەیێك کە بە هاوکاری پیلانگێرانی دەرەوە جێ بە جێ کرا، دەستی دایە مانوورێکی تازە و لە قۆناخی یەکەم دا بە دانی دروشمی بەرنامەی نوژەن کردن و کۆ کردنی دەسەلاّت و لە سەر ئەساسی پێویستی بازاری جیهانی ، توانای زۆرتری لە پێك هاتی دەسەلاّت دایە باڵی بورژوازی سەنعەتی ، بەو هیوایە کە زەمینەکانی هاوکاری و هاوئاهەنگی زۆرتر لەگەڵ سەرمایەی جیهانی ئامادە بکرێت ، هەرچەند کە بە لەبەر چاوگرتنی شێوەکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندیەکانی تایبەتی بەرهەم هێنان و دابەش کردن لە ئیران و پێویستیەکانی ئەساسی ئەو بە بەرهەمەکانی جیهانی سەرمایەداری لە مەوای ٢٤ ساڵی رابردوو، دەسەلاّتی سیاسی بە شێوەیێکی گشتی ناتوانی لە دەستی باڵێکی لە باڵەکانی سەرمایەداری داسەپاو بێت، بەلاّم هەمیشە رۆڵی سەرەکی و دیاریکەر لە پێکهاتی دەسەلاّت دراوەتە باڵی بورژوازی کۆن ، بازار و دەسەلاّتدارەتی سەرمایەداری لە ئیران لە تێکەلاّوی لە گەڵ دواکەوتووترین سەرخانی سیاسی واتە کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەساسی وەلایەتی فەقیح شاهیدی ئەم ئیدعایەیە . پێکهاتی دەسەلاّت ئاکامی ئەو رێکەوتنانەیە کە باڵەکانی دەسەلاّتدار لە ئاکامی ناسینی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان و دابەش کردن و پێویستیەکانی دەسەلاّت بە دەستیان هێناوە و ناتوانی تاکو ئاخیردا وەک خۆی بجینیتەوە، بەڵکو ئەمە شێوەکانی بەرهەم هێنان و دابەش کردن، بەرز بووبەوەی قەیران و نارەزایەتی گشتی ، پێویستیەکانی سەرمایەی جیهانی و دەسەلاّتەکە پێکهاتی دەسەلاّت لە تەواوەتی ئەم دەسەلاّتە دیاری دەکات خولقاندنی قەیران بە مەبەستی زاڵ بوون و داپۆشینی قەیرانانەی کە گیردەی سیستەمی ، هێنانە گۆری بابەت و باسەکانی بە رواڵەت نۆی وەك دیموکراسی و کۆمەلّگای مەدەنی و باسەکانی پێ مەنقەلی لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و شوینەکانیتر و لە کۆر و کۆمەڵەکانی روشنبیری ناوخۆ و دەرەوە ، لایەنگری سییتەمی ئێستا، تەنیا دەتوانێ لە چوار چێوەی پاراستنی سیستەم و دەسەلاّتی دواکەتووی ئێستا ، هەڵسنگێن درێت کە لەم کاتە دا پێویستی ئەساسی و مان و نەمانی هەر دوو باڵی دەسەلاّتدارە . ناکۆکی لە نێوان باڵەکانی دەسەلاّتدار نەك لە دیاریکردنی ئەرکەکانی هەر کام لە باڵەکان لە پرۆسەی بەرهەم هێنان و دابەش کردن و پەرە پێدانی پەیوەندیەکانی چەوسێنەرانە ،بەڵکو لە دیاریکردنی گۆرانکاریەکانی ورد لەم کاتەدا لە بواری سەرخانە بە لە بەر چاوگرتنی هەل ومەرجەکانی ئەمرۆ و پێویستیەکانی سەرمایەی ناوخۆیی و دەرەوەیە. پێشرەوی و پاشەکشەکانی یەك بە دوای یەکی باڵی بورژوازی سەنعەتی ناسراو بە ریفورم خواز لە بەرانبەر بورژوازی کۆن ، بازار ، لەم چوار چێوەدا هەڵسنگاندنی لە سەر دەکرێت. رۆڵی رێبەری وەك ئالقەی پەیوەندی لە نێوان دوو باڵ (وەك جەستەیێك)بە باشی لەو ووتە و کردەوەی ئەو لە دیاریکردنی پێك هاتی دەسەلاّت دەتوانین ببینین. ئەمەی کە ناکۆکیەکان دەگاتە ئاستی تەقینەوە و هەرەشە لە ژیانی دەسەلاّت بکات، خەیالێکی زۆرتر نیە و سەرچاوەی عەینی نیە، چۆنکە هەر دوو باڵەکە، لە پرۆسەی بەرهەم هێنان و دابەش کردن و پاراستنی پەیوەندیەکانی ئێستادا ، تەواو کەرەوەی یەکترن و پێویسیان بە یەکترە و بە ناسینی وردی هەل و مەرجەکان رێککەوتوون. ئەمەی کە سەبارەت بە شەر و ناکۆکی ئێستای باڵەکان و لە بە بەر چاوگرتنی پاشەکشەکانی یەك بە دوای یەکی باڵی ناسراو بە ریفورم خواز لە بەرانبەر خامنەیی و باڵی رەقیب، بلێن چەقۆ هیچ کات دەسەی خۆی نابرێت ، دوور لە راستی نەگوتراوە . کاتێك دەتوانین هەڵسنگاندنێکی ورد لە شەری باڵەکانی دەسەلاّتدار بە دەست بێنین کە بوون و شەری ئەوان لە بواری عەینی بخەینە بەر هەڵسنگاندن، و ئەو کات

←

ئاکامێکی عەینی و راست بە دەست بێنین.

لەم شێوە دایە کە ئەسیری زەینیەت نابین و روودانی ئاڵ و گۆڕەکانی خێرا، بە رواڵەت و لە بواری سەرخانی نابێتە هۆی بێ هەڵوێستی و مات بونمان، بە دوای هەل ومەرج دا ناکەوین و دوور لە وردەکاری و بە وەرگرتنی تاکتیکەکانی سەربەخۆ و کاریگەر لە قۆناخەکانی جۆرا وجۆردا، ئیستراتژێکی دیاریکراو هەڵبژێرین.

ئەمەی کە هەر کام لە باڵەکانی دەسەڵاتدار بە پێ بۆ چوون و مەیلی فیکری و قازانجەکانی چینایەتی خۆیان هەڵسنگاندنیان لە مانای دیموکراسی و بابەتەکانی کۆمەڵایەتی بێت ، بابەتێکی تازە نیە و بە ووشەکانی فرێوکارانەی بیرو بۆچوونی‌تری تازە و...هتد جوانکاری ناکرێت و هیچ کات ناتوانێ بە پێچەوانەی تێگەیشتنی گشتی ئەوان لە پێویستی پاراستنی پەیوەندیەکانی ئێستا و پەرە پێدانی ستەم و چەوسانەوە بێت ، چونکە مانا کردنی ئەم بابەتانە لە لایەن ئەوان هەمیشە بە پێ قازانجەکانی چینایەتی دیاریکراو و دەسەڵاتداری چینی چەوسێنەرە. ئەومانایانەی کە کاتێك لە لایەن بازەرگان ، یەدوڵلا سەحابی ، شەریعەتی و ... دەکرا، ئێستا لە لایەن جنایەتکارانی وەك عەبدی،خەڵخاڵی،نەبەوی وجەلایی پوور و بە رواڵەت دیموکراتەکانی‌تری بەرەی دووی جۆزەردان بلاو دەکرێتەوە.

لەم نێوانەدا ناکۆکی و شەرەکان لە سەر چۆنیەتی بە کار هێنانی ئامراز و دەزگاکانی بریاردەر و جێ بە جێ کردنە ، بۆ رزگاری لە قەیران و نارەزایی گشتی ، فریو و بە لارێ بردنی بۆ چوونی گشتی و لە کۆتایی دا سەرکوتی وەحشیانەتر، ئەوەی کە لە هەل و مەرجی ئێستا دا خاتەمی و دووی جۆزەردان و ئوپوزیسیونی لایەنگری ئەو لە دەرەوەی دەسەڵات، بناغە دانەری ئەون، و هەر رۆژ لە پێناو سەر قاڵ کردنی بۆ چوونی گشتی بەرەو لای بابەتەکانی شەری باڵەکان و رزگاری دەسەڵاتی داسەپاو لە قەیران ، بۆی تێ دەکۆشن.

سیامك



**١**

**ئازادی بەرەو لای**
**ئێمە هەنگاو هەڵدەگرێ**
**گەلی دڵ پڕ !**
**ئێمە دەبێ شەڕ بکەین**
**لە وڵاتانی ئاسیا**
**************

**٢**

**ئازادی بۆ لای ئێمە**
**هەنگاو هەڵدەگرێ .**
**لەو پەری کانیاوی خوێن**
**لەو پەری پەیکەرە خوێناویەکان**
**لەو پەری زریانەکان**
**زریانەکانی یاخی بوو**
**************

**٣**

**گەلی دڵ پڕ**
**ئێمە دەبێ شەڕ بکەین**
**ئازادی**
**بۆ لای ئێمە**
**هەنگاو هەڵدەگرێ .**



**سروودی کوریا**

**لە فارسی بۆ کوردی : هیوا**

## ووشەی سیاسی

### ئەنتەر ناسیۆنالی پرۆلیتەری
(Internationalisme proletarien)

ئەم ووشە بریتیە لە سیاسەت و ئایەوّلۆژی یەکگرتوویی نێونەتەوەیی کرێکاران و تەواوی زەحمەتکێشان . لە روانگەی مێژووی و بۆچوونی ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتەری بۆ یەکەم جارلە لایەن کارل مارکس و فردریگەنگلس ڕێبەرانی مەزنی چینی کرێکار زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوپێش ووتراو بناغەی دانرا .

درووشمی بە ناوبانگێ کە ئەوان لە بەرهەمی بە ناوبانگی خۆیان مانی فیست حێزبی کۆمۆنیست یان ( کرێکارانی جیهان یەکگرن ) نووسیان ، بەپیانی ئەم بۆچوونە بوو .

بناغەی تیئۆریکی ئەم بۆچوونە مارکسیستیە ئەوەیە کە کرێکاران و زەحمەتکێشانی هەر وڵاتێك دژی بۆرژوازی چەوسێنەر و بۆ دیفاع لە قازانجی ئەساسی زەحمەتکێشان ، وامەزراندنی و دیمۆکراسی و سۆسیالیزم خەبات دەکەن . هەر لەم کاتە دا کرێکاران و زەحمەتکێشانی هەموو جیهان لە قازانجی ئەساسی وەکو یەك بەهرە مەندن و یەك دوژمنی چینایەتی هاوبەشیان هەیە کە بۆرژوازی سەرتاسەری جیهانە . لێرە دا یەکیەتی و یەکگرتوویی و پشتیوانی کرێکارن و زەحمەتکێشانی هەموو نەتەوەکانی هەموو وڵاتەکان لە خەبات بۆ ئامانجێکی هاوبەش و بۆ رووخاندنی سەرمایەداری و بنیات نانی کۆمەڵگایکی سۆسیالیستی سەرچاوە دەگرێ . سەرمایە لە ئاستی جیهانی دا یەکگرتووە ، بۆیە دەبێ کاریش دژی ئەو یەکگرتووبێت . نیوە رۆك و چەمکی ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتەری بە درێژایی زیاتر لە سەد ساڵی رابردوو بە هۆی پەرەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و رەوتی مێژوو بەردەوام دەوڵەمەندتر بووە . هەتا پێش لە شۆرشی مەزنی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر چەمکی ئەو بریتی بوو لە یەکگرتوویی نێونەتەوەیی زەحمەتکێشانی هەموو وڵاتان لە خەبات بۆ رووخاندنی سەرمایە داری و بە دەسەڵات گەیشتنی چینی کرێکار . پاش شۆرشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر و سەر هەڵدانی یەکەمین حکوومەتی سۆسیالیستی جیهانی نێوەرۆك و شێوازی بلاوبوونەوەی

ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتەری دەوڵەمەندتر دەبێ و چەمکی ئەو تەنیا بەو چەمکەی کۆن و پێشووی کۆتای نەهاتووە بەڵکوو هۆکارەکانی گرینگ و جیەی لە حۆیدا کۆکرۆتەوە و کە بریتین لە :

١ـ پشتیوانی جووڵانەوەی جیهانی کرێکاری لە یەکەم حکوومەتی پرۆلیتەری و دیفاع و پشتیوانی لەم دەوڵەتە سۆسیالیستیە .

٢ـ یارمەتی و پشتیوانی حکوومەتی یەکیەتی سۆڤیەت و زەحمەتکێشانی یەکیەتی سۆڤیەت بە نیسبەت جووڵانەوەی جیهانی کرێکاران .

٣ـ پەرەگرتنی چەمکی ئەنتەرناسیۆنالیزم و پێوەندی لە گەڵ نەتەوە چەوساوەکان و جووڵانەوەی رزگاری دەری میللی .

ئەنگلس فورموولێکی بەناوبانگی هەیە کە لەوێدا دەڵێ :

نەتەوەیەك کە نەتەوەیەکی تر بچەوسێنێتەوە ناتوانێ ئازاد و رزگار بێت .

لنین ئەم ووتەیە ئەسڵی سەرەکی ئەنتەرناسیۆنالیزم ناو بردووە و رەنگ و دانەوەی گشتی ئەم ئەسڵە لە سیاسەتی لنینی حکوومەتی تازە دامەزراوی یەکیەتی سۆڤیەت لە بەرانبەر نەتەوەکانی جۆر بە جۆر و کەمایەتیەکانی میللی دانیشتووی یەکیەتی سۆڤیەت بەروونی بیندرا . لە کردەوە درووشمی بەناوبانگی پرۆلیتەرەکانی هەموو جیهان یەککرن لە گەڵ درووشمی ( پرۆلیتەرە کانی جیهان و نەتەوەکانی چەوساوەیەکگرن ) تەواو کرا . پاش کۆتایی هاتنی شەری دووهەمی جیهانی و پێك هاتنی هەندێك وڵاتی نوێ سۆسیالیستی ، سەر هەڵدانی سیستەمی جیهانی ئۆردووگای سۆسیالیستی ، ئەسڵی ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتەری بنەرەتی پێوەندی نێوان وڵاتەکانی ئەندامی ئەم ئۆردوگا بوون و چەمکی پێوەندی برایانە و یارمەتی و هاوکاری بەرانبەر نێوان ئەم وڵاتانەی لە بەر دەگرت . مارکسیزم ـ لنینیزم یەکیەتی پتەو و بەرژەوەندی نێونەتەوەیی زەحمەتکێشانی جیهان کە بۆ سۆسیالیزم خەبات دەکەن دەسەلمێنێ ، بۆیە ئەم خەباتە دژی سەرمایە داری و ئەمپریالیزم تایبەت مەندی نێونەتەوەیی هەیە ، ئەگرچی ڕێگای دیاری کراوی سەرکەوتنی ئەو و پێك هاتنی سۆسیالیزم پێوەندی هەیە لەگەڵ هەل و مەرجی دیاری کراوی مێژوویی و هاوسەنگی هێزەکان و هۆکارەکانی تر لە وڵات دا .

ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتەری ( سۆسیالیستی ) ئەساسی پێوەندیەکانی نێوان وڵاتانی سۆسیالیستە . جێگیر بوونی پێوەندیەکانی نێونەتەوەیی بە شێوازی نوێ ، پەرەسەندنی یەکیەتی برایانەی وڵاتانی سۆسیالیستی پرۆسەی مێژووی دژوارە . پەرەسەندنی سەرکەوتوانەی ئەم پرۆسەبە لە بەرچاوگرتنی یەك بەیکی ئۆسولی ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتەری ، یارمەتی و پشتیوانی بەرانبەر ، یەکسانی ماف ، حەقی حاکمیەت ، دەس تێ وەرنەدان لە کاروباری نێو خۆیی یەکتر پێویست دەکات . لە سرووشتی سۆسیالیزم دژایەتیەکان وەك دژایەتی سرووشتی سەرمایەداری نیە . هەر کاتێك لە نێوان وڵاتانی سۆسیالیستی تێك هەڵ چوون بە هۆی جیاوازی لە ئاستی گەشەی ئابووری و بنیاتی کۆمەڵایەتی و بارو دۆخی نێونەتەوەیی ئەوان و پێوەندی لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی میللی ئەوان دا دەر دەکەوێ ، وە هاڵەیەك تێك چوونێك دەتوانێ و دەبێ لە سەر بنەرەتی ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتەری ، لە ڕێگای ووتووێژی برایانە و هاوکاری دڵخوازانە و دۆستانە ، بە شێوەیکی سەرکەوتوانە چارەسەر بکرێ‌ئەم ناکۆکیانە نابێ لە سەر بەرەکانی یەکگرتووی وڵاتانی سۆسیالیستی کاریگەری خراپی بێت . کۆمۆنیستەکان دژواری و گەشەی سیستەمی جیهانی سۆسیالیزم دەبینن.بەڵام سیستەمی سۆسیالیستی لە سەر بنەرەتی هاوئاهەنگی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری و هاوئاهەنگ کردنی بەرژەوەندیەکانی بنیاتی و ئامانجی وڵاتانی بەشدار لەوێ دا پایەدارە . ئەم تایبەتە ندیە هاوبەشیە زامنی لابردنی ئەو ئاستەمانەی دەبێتە هۆی یەکگرتوویی داهاتوویی سیستەمی سۆسیالیزم لەسەر ئەساسی مارکسیزم ـ لنینیزم و ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتەری. ئەوانەی کە ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتەری بواره جۆر بەجۆرەکانی ئەو لە ژێرپێ دادەنن ، دژی پەروەردەکانی لینینی مەزن و ئۆسولی مارکسیزم ـ لینینیزم و ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتەری هەنگاو هەڵدەگرن ، نەتەنیا لە نێو گێژاوی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگانەی خۆیان دادەتلێنەوە بە کردەوەش دژی قازانج و بەرژەوەندی میللی و کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتی خۆیان کار دەکەن . چالاکی جیایی خوازانەی بە رواڵەت چەپەکان موشکیلە

←

ساز کردن لە بەرانبەر یەکگرتوویی نێونەتەوەیی زەحمەتکێشان و نەتەوەکانی چەوساوە ، تۆمەت بارکردنی ئەحزابی کۆمۆنیستو بەلاریٚ بردنی خەباتی هاوبەش واتە ئەمپریالیزم، پێشێل کردنی ئاشکرای ئۆسولی ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتەرییە . هەندێك ناکۆکی کە لە نێوان ئەحزابی کۆمۆنیست سەرهەڵدە دات لە ڕەوتی ڕووداوەکان چارەسەر دەکریٚ و یان لە ژێر کاریگەری ڕووداوەکان کە دەبێتە هۆی ئاشکرا بوونی نێوەرۆکی ئەو بابەتانەی کە باسیٚ لە سەر دەکریٚ ، لە ناو دەچیٚ . هەندێکی تر لەوانەیە ماوەێکی زۆرتر درێژە بکێشیٚ بەڵام ئەسڵ وایە کە بابەتی باسکراو دەتوانیٚ و دەبیٚ لە ڕێگای هاوکاری ئەحزابی کۆمۆنیست لە هەموو بەرەکانی دا ، لە ڕێگای پەرە پێدانی پێوەندی نێوان ئەحزاب ، گۆڕینەوەی بەرانبەری ئەزموونەکان و باس و ڕاوێژکاری هاورێانە ، لە ڕێگای یەکیەتی کردوە لە ئاستی جیهانی بە دروستی چارە سەر بکرێن . ئەرکی ئەنتەرناسیۆناڵیستی هەر حیزبێك یارمەتی هەمووڵایەنە بۆ پتەو کردنی پەیوەندیەکان و پەرەسەندنیبڕوا (متمانە) بەرانبەر لە نێوان ئەحزاب و تێکۆشانی نویٚ بەمەبەستی پتەو کردنی یەکیەتی جووڵانەوەی نێونەتەوەیی کۆمۆنیستیە .

ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتەری لەگەڵ قازانجی میللی هاوئاهەنگی هەیە . لە بەر ئەوەی کە شەری ڕاستەقینە بۆ قازانجی نیشتمانی و ڕزگاری و سەر بەحۆیی بێجگە لە ڕێگای خەباتی هاوبەش دژی ئەمپریالیزم و هاوکاری برایانە لە گەڵ هەموو ئەو نەتەوانەی کە لەم ڕێگایەوە خەبات دەکەن مسۆگەر نابێت . هەر بۆیە دەڵێن:نیشتمان پەروەری ڕاستەقینە بوارێکی ئەنتەرناسیۆنالیستی هەیە و ئەنتەرناسیۆنالیزم لە شێوەێکی ئەساسی دا نیشتمان پەروەرانەیە . بەرپرسایەتی میللی و نێونەتەوەیی هەر حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری و کۆمۆنیستی لێك جیاناکرێتەوە . هەر حیزبێکی کۆمۆنیستی بەرپرسی چالاکی خۆیە لە بەرانبەر چینی کرێکار و خەڵکی وڵاتی خۆیە و لە هەمان کات دا لە بەرانبەر چینی کرێکاری جیهانی مارکیسزم ـ لینینیستەکانیش هەم بەرچاوتەنگی ناسیۆنالیزمی و هەم لە بەر چاو گرتنی بەرژەوەندی میللی یان بیٚ بایەخ کردنی ئەو و هەم ڕۆیشتن بەرەو لای هیژمۆنیزم دەسەڵات داری بە سەر کەسانی تر ڕەت دەکەنەوە .گەورەترین خزمەت بە ئەمری سۆسیالیزم و ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتەری لە لایەن ئەحزابی کۆمۆنیستی کە لە وڵاتانی سەرمایەداری خەبات دەکەن بریتیە لە بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن چینی کرێکار و هاوپەیمانەکانی ئەو . هەل و مەرجی جیاوازی لە بوواری چالاکی ئەحزابی کۆمۆنیست بە لە بەرچاو گرتنی هەل و مەرجی میللی ئێمە لە سر ئەساسی پەروەردەکانی مارکسیزم - لینینیزم ، دانانی سیاسەت وشێوازی هەر حیزبێك لە گەڵ سەر بە خۆیی تەواو ، دیاری کردنی ئەرکەکانی دیاری کراو تەنانەت ناکۆکی بیروڕای ئەوان سەبارەت بەم یان ئەو بابەتە نابی ببێتە کۆسپێك لە سەر ڕێگای هەڵوێستی هاوبەشی ئەحزابی کۆمۆنیست لەئاستی جیهانی و بە تایبەت سەبارەت بە بابەتەکانی ئەساسی خەباتی دژی ئەمپریالیستی .

ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتەری یەکیەتی میللی و نێونەتەوەیی چینی کرێکار و هەموو زەحمەتکێشان و جووڵانەوەکانی ڕزگاری دەر دژی دوژمنی هاوبەش لە بەر چاو دەگریٚ و جیٚبە جیٚ کردنی ئەو مەرجی پێویست و ئەساسیە بۆ سەرکەوتنی خەبات لە ڕێگای سۆسیالیزم و ئاشتی و ئازادی و سەر بەخۆیی .

## دیسیپلینی حیزبی و دیموکراسی حیزبی

## ( Discipline et democratie )

دیموکراسی ناوخۆیی حیزبی بە واتای جیٚبە جیٚکردنی ورد و بەردەوامی ئۆسولی ناوەندی دیموکراتیك لە ئەحزابی کۆمۆنیستی و کرێکاری دیموکراسی ناوخۆیی حیزب واتە هەڵبژاردنی هەموو ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتی حیزب هەر لە خوارەوە هەتا سەرەوە ، چالاکی گشتی لە هەموو ئەم ئورگانانەدا ، ئەرکی ئورگانەکانی حیزبیە بە ناردنی ڕاپورت لە بەرانبەر ڕێکخراوەکانی حیزبیە سەبارەت بە چالاکی خۆیان ، کەڵك وەرگرتن لە ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن لە ناوخۆی حیزب ، مافی هەر ئەندامی حیزب بە بەشدار بوون لە باسی ئازاد و خوڵقێنەر و باش لە کۆڕ و کۆمەڵەکان و ڕۆژنامە حیزبیەکان سەبارەت بە بابەتەکانی جۆربەجۆری سیاسەتی حیزب و بەشدار بوون لە دارشتنی ئەم سیاسەتە . دیموکراسی حیزبی مەرجی پەرەسەندنی چالاکی خوڵقێنەر و داهێنەرانەی ئەندامانی حیزب ، ئامرازی پتەو بوونی یەکیەتی ئوسولی و دیسیپلینی تیٚ گەیشتووانەی حیزبیە . شێوەی بەرێوەبردنی دیموکراسی حیزبی بە پیٚ ئەو یاسانەی کە لە پەێرەوی ناوخۆیی حیزب هاتووە ڕوون دەکرێتەوە . دیسیپلینی حیزبی واتە جیٚ بە جیٚ کردنی ورد و بەردەوامی ئەو یاسانەی کە لە پەێرەوی ناوخۆیی حیزب دیاری کراوە و جیٚ بە جیٚ کردنی ئەو ئەرکانەی کە لە ئەستۆی هەر ئەندام و ڕێکخراوی حیزبی دانراوە . دیسیپلینی حیزبی بە مانای جیٚ بە جیٚ کردنی پروگرام و پەێرەوی ناوخۆیی و سیاسەتی حیزب ، تیٚ کۆشان بۆ جیٚ بە جیٚ کردنی بڕیارەکانی حیزب و خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئارمانەکانی ئەوە . دیسیپلینی حیزبی مەرجی پایەداری حیزب ، و یەکگرتوویی ئیرادە و کردەوەی ئەو و دابین کەری ڕێبەرایەتی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشە . بوونی یەکگرتوویی ئیرادە و کردەوە مەرجی ئەساسی پاراستنی هێزی خەباتگێرانەی حیزبە . حیزب تەنیا یەك دیسیپلسن بۆ هەموو ئەندامانی خۆی لە سەرەوە هەتا خوارەوەی هەیە . هەموو کۆمۆنیستەکان بە بیٚ لە بەر چاو گرتنی پیشەیان ، ڕابردوویان ، خزمەتیان پەێرەوی یەك دیسیپلینن . پێشێل کردنی دیسیپلینی حیزبی و گویٚ ڕایڵی کەمینە لە زۆرینە ، ئورگانەکانی خوارتر بە نیسبەت ئورگانەکانی سەرەوەتر ، هەموو ئەندامان و ڕێکخراوەکان بە نیسبەت بڕیارەکانی کونگرە و ئورگانەکانی تری لێپرسراوی حیزبی پێویستە . ئەم دیسیپلینە تیٚ گەیشتووانە و دڵخوازانەیە بە مەبەستی پتەو کردنی یەکگرتوویی حیزبی و گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆمۆنیزمە . دیسیپلینی حیزبی لایەنی هاوبەشی نیە لە گەڵ پەێرەوی کوێرکوێرانە کە ڕێکخراو دەکاتە پیٚ گەی سەربازی و بیری خوڵقێنەر و بەشداری داهێنەرانەی ئەندامان لە دارشتن و جیٚ بە جیٚ کردنی سیاسەتی حیزب دەشکێنیٚ . پێش ئەوەی بڕیار بدریٚ باس و ڕاوێژکاری ئازادانە پێویستە . پاش ئەوەی کە بڕیار درا دەبیٚ هەموو وەك یەك جەستە بڕیارەکە جیٚ بە جیٚ بکەن .

ناو نیشانی ڕێکخراو لە سەر توری ئینتەرنێت :
www.fedayi.org
ناونیشانی پوستی ئەڵکترونیکی ڕێکخراو :
webmaster@fedayi.org
ناونیشانی پوستی ئەڵکترونیکی کومیتەی کوردستان :
Kurdistan@fedayi.org
ژمارەی فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی ڕێکخراو
0046317792571
بڵاو کراوەکانی کار کمونیستی ، جهان کمونیستی و ڕێگای گەل و هەروەها تازەترین ڕاگەیاندراوەکانی ڕێکخراو لە سایتی ڕێکخراو وەرگرن .

**بڕووخیٚ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ، دامەزریٚ کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**